

# کڵاوم لێ بکەن

نووسەر: دەیڤ هۆرۆویتس
وەرگێڕ: شلێر ئەکبەری

فێرکاریی ئاگاییی ماڵی _ ئاستی یەکەم
قۆناغی پێشسەرەتایی و پۆلی یەکەمی سەرەتایی

کڵاوم لێ بکڕن!
نووسەر: دەیڤ هۆرۆویتس؛
وەرگێڕان بۆ کوردی: شلێر ئەکبەری
وەرگیراوەتەوە لە وەشانخانەی هایا.

سوپاس بۆ پڵاتفۆرمی ئانووبانی بۆ پاڵپشتی کردنیان لە وەرگیران و بەڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە.

# کڵاوم لێ بکڕن



## هۆشی ماڵی

ئەمڕۆکە، زۆرترین نیگەرانیی دایکان
و باوکان لەمەڕ داهاتووی ئابووریی منداڵەکانیانە. لەڕاستیدا، دایک و باوک ناتوانن بۆ هەمیشە یاوەری منداڵانیان بن. تاکەڕێگە بۆ نەهێشتنی ئەم نیگەرانییە و دروستکردنی بڕوا و متمانە بە دواڕۆژی ئابووریی منداڵان، بەهێزکردنی هۆشی داراییی ئەوانە. ئەگەر منداڵان هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانیانەوە، فێری تەکنیکەکانی هۆشی دارایی بکرێن، ئەوا بۆ بنیاتنانی دواڕۆژێکی ئابووریی سەرکەوتوو ئامادە دەبن.
کەواتە، ئەگەرچی پەروەردەی منداڵان بابەتێکی گرنگە، سەرەڕای ئەوەش، فێربوونی چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە داراییەکان و هەروەها بەهێزکردنی هۆشی دارایی، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ پێکهێنانی داهاتوویەکی گەش بۆ ئەوان. بەهێزکردنی زیرەکیی دارایی، هەروەک زۆربەی کارامەییەکان، وا باشترە لە تەمەنێکی بچووکەوە دەستپێبکات. بەم شێوەیە، کاریگەرییەکانی ئەم جۆرە زیرەکییە لە مێشکی منداڵدا تۆمار دەکرێن و دەبنە بەشێک لە کەسایەتیی ئەوان.
ئەم بەرهەمەی کە لە بەر دەستتاندایە، یەکێک لە هەوڵەکانی "ئاکادێمیای هۆشی ماڵیی هایا"یە، کە بە مەبەستی بەهێزکردنی هۆشی ماڵی لە منداڵاندا، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.
ئاکادێمیی هۆشی ماڵی، ناوەندێکە بۆ گەشەپێدانی هۆشی ماڵی.
ئەم ئاکادێمییە، سەر بە دامەزراوەی "ناوەندی لێکۆڵینەوەی کەلتووریی هایا"یە و تایبەتە بە بابەتی هۆشی ماڵی.
ئاکادێمیی هۆشی ماڵی – دامەزراوەی چاپەمەنیی هایا


وەییییی چەن خۆشە!
هاتداگ
یەک دۆلار
هاتداگ
بە پەنیرەوە
یەک دۆلار و
پەنجاسێنت
هەواڵە ناخۆشەکان
هەواڵە خۆشەکان


پێشکەش بە باوکم
گەورەترین بازرگانێک کە هەتا ئێستا ناسیومە
کڵاوم لێ بکڕن
کوپێک گڵ
کوپێک گڵ
کوپێک گڵ
کوپێک گڵ


کڵاوم لێ بکڕن
کوپێک گڵ
کڵاو
H
٩٧
١٠ دۆلار
ڕەنگ

# دووشەممە

## لەو خوارە، لە بازاری شاردا

فرانک و کارڵ، خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆ فرۆشتنی کڵاو.




کارڵ هاواری کرد:

«ئا وەرن، وەرن"، "کڵاومان لێ بکڕن. کێ کڵاوی دەوێ؟»

بەڵام هیچ کەس نەچوو بۆ لایان.

ئەو ڕۆژە، فرانک و کارڵ تەنیا یەک کڵاویان فرۆشت.




ئێسکەیتی جەنابی مەیموون
ئێسکەیت بۆرد
سپاس خاتوون
چەن خۆشە



کاتێکی خۆش
ێسکەیت
دارا
دارامم
هورا!
١٠ دۆلار
یوهوو!
سەیری
من کەن
کڵاوێکیان پێ فرۆشت

مەیموونی شین، لەو ڕۆژەدا، بڕی حەفتا و پێنج دۆلار ئێسکەیتی فرۆشت.



فرانک لە مەیموونی پرسی: « نهێنیی سەرکەوتنت چییە؟»

مەیموون گوتی:
«دەزانی چییە؟ من ئێسکەیت بۆرد دەفرۆشم.
هەموو کەس حەزی لە ئێسکەیت بۆردە.»


من زۆر تینوومە
١٠ دۆلار
٨ دۆلار
اوووم، کوپێک قوڕ

# سێ شەممە

فرانک گوتی:


«لەوانەیە وا باشتر بێ ئێمەش ئێسکەیت بۆرد بفرۆشین.»

کارڵ وەڵامی دایەوە:

«بەڵام خۆ ئێمە ئێسکەیت بۆردمان نییە.»


فرانک گوتی: «ڕاستە، لە بیرم نەبوو.»

لەو کاتەدا جەنابی بەراز هات.






کارڵ بە دەنگێکی زۆر نزم گوتی: «بۆ مەگەرمرۆڤی ئاقڵ گڵ ئەخوات؟»
بەڵام دەرکەوت کە هەموو کەس دەیخۆن؛
چونکە زۆر کەس لە بەر چەرخ دەستییەکەی جەنابی بەرازدا بە ڕیز وەستا بوون.



من پەرداخێکی گەورەم دەوێ
من پەرداخێکی ناونجیم دەوێ
کوپێکی بچووکم پێ بدە
اووم...
کوپی گڵ

لەو ڕۆژەدا، فرانک و کارڵ، تەنانەت یەک کڵاویشیان نەفرۆشت.

فرانک لە جەنابی بەراز پرسیاری کرد: «نهێنیی سەرکەوتنت چییە؟»



جەنابی بەراز گوتی:

«بانگەشە! هەتا ئێستا بانگەشەی سەر دیوارەکانت بینیوە؟
هەموو کەس کۆمپانی کوپە گڵینە دەناسن!»



کوپی
گڵ
کوپی
گڵ
کوپی گڵ
هەموو کەس
کوپە گڵینە دەناسن.
بەتامە!
اووووم...
ئەمە خۆ تامی
زۆر ناخۆشە!

# چوارشەممە

فرانک گوتی: «ئێمە پێویستمان بە بانگەشە و ڕێکلامی باشترە.»

کارڵ قەڵەمووی نگارکێشانە قەدیمییەکەی دەرهێنا و گوتی:

**« فەرموو! پێم وایە ئەم ڕێکارە ئیتر سوودمەندە.»**





کڵاوم لێ بکڕن
ئەم کڵاوانە بێ هاوتان
~~١٠ دۆلار~~
~~٨ دۆلار~~
٥ دۆلار




بەڵام هیچ کەس بە کارە هونەرمەندانەکەی کارڵی نەزانی.

لەوبەر شەقامەکە، گای گەورە خەریکی فرۆشتنی تەلەفوونی بێ سیم بوو.




فرانک گوتی: «باشه، تەلەفوونی بێ سیم ئیترچییە؟»


بەڵێ، لە بازارم.
کڵاوم لێ بکڕن
ئەلۆ دایە! من حەزم لە شیرە!
~~١٠ دۆلار~~
~~٨ دۆلار~~
٥ دۆلار
بەڕاست؟ یانی بە هەڵە نەمبیستووە؟
بەڵێ، من چووم و پێم گوت: ئەوجلوبەرگ و پێڵاوانەت لە کوێ کڕیوە. ئەو گوتی: بە تۆ چی! بڕوا دەکەی؟
ئەلۆ ئەلۆ
لە کوێ؟
چی؟
کێ؟


نازانم تەلەفوونی بێسیم چی بوو، بەڵام گای گەورە **سەد دانەی لێ فرۆشت.**

بەڵام فرانک و کارڵ، بە درێژایی ڕۆژ، یەک کڵاویشیان نەفرۆشت.





**فرانک پرسیاری لێ کرد: «نهێنیی سەرکەوتنت چییە؟»**

گا گوتی: «ئەوە بەڕاستتە؟ ئەمانە نوێ و وروووژێنەرن.
دەتوانم بڵێم هەر بۆ خۆیان، خۆیان دەفرۆشن.»


Made in USA


# پێنج شەممە

فرانک بە کارڵی گوت:
«بە بڕوای تۆ کڵاوەکانی ئێمە تازە و ورووژێنەرن؟»
و کارڵ وەڵامی دایەوە: « خۆت دەڵێی چی؟»




اوە
چەند خەمهێنەرە!
١٠ دۆلار
٨ دۆلار
٥ دۆلار
تەنیا ٣ دۆلار
RING! RING!
کڵاوەکەت زۆر جوانە!
ها ها ها کڵاوەکەت زۆر لێ دێ!

پێنج شەمە خراپترین ڕۆژی کارییان بوو.
چونکە یەک کڵاویشیان نەفرۆشت.




ئەو کوڕەی کە ڕۆژی دووشەممە کڵاوێکی کڕیبوو،
گەڕایەوە، بۆ ئەوەی کڵاوەکەی بداتەوە و پارەکەی وەربگرێتەوە.

# هەینی


فرانک گوتی:

« تێناگەم. بۆچی هیچ کەس حەزی ناکات کڵاو بکڕێ؟»

کارڵ گوتی:

«من چووزانم؟ لەوانەیە دانیشتوانی ئەم
گەڕەکە پێویستییان بە کڵاو نەبێ؟»








لەناکاو هەورەتریشقەیەک لێی دا و باران دایکرد.

فرانک بە نارەحەتییەوە بە ئاسمانی گوت: «ئەوە گاڵتە دەکەی؟»

کارڵیش گوتی: «دار و نەدارمان بە با چوو.»



٥ دۆلار
١ دۆلار


کڵاوی دژە ئاو
١٠ دۆلار
~~١٠ دۆلار~~
~~٨ دۆلار~~
~~٥ دۆلار~~
~~تەنیا ٣ دۆلار~~

بەڵام شتێکی سەیر ڕووی دا لەناکاو هەمووان داوای کڵاویان کرد.

فرانک گوتی:

«لەوانەیە ئێمە فرۆشیارگەلێک باش بین.

بەڵام نازانم نهێنیی سەرکەوتنمان چییە!»



کارڵ گوتی:

«نازانم. بەڵام وەرە با حەفتەی داهاتوو چەتریش بفرۆشین.»


کڵاوی بێ هاوتا
کڵاوی دژەئاو
سپاس
دیسان تەشریف بێنن.
١٠ دۆلار